# ئەی خەڵکینە، وریا وئاگاداری زیادەڕەوی وسنوور تێپەڕاندن بن لە ئاییندا، هۆکاری تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە ؛ زیادەڕەوی کردن بوو لە ئاییندا

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەر لەبەیانی عەقەبە بەسەر وشترەکەیەوە ؛ پێمی فەرموو: «بەردم بۆ هەڵبگرە (بیهێنە بۆم)»، منیش حەوت بەردی بچووکم بۆ هێنا، لە بەردی پەلەپیتکەن ، لەنێو دەستیدا هەڵیدەگێرانەوە وفەرمووی: «با وەکو ئەمانە بێت (ئەو بەردانەی) دەیهاوێژن»، پاشان فەرمووی: «ئەی خەڵکینە، وریا وئاگاداری زیادەڕەوی وسنوور تێپەڕاندن بن لە ئاییندا، هۆکاری تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە ؛ زیادەڕەوی کردن بوو لە ئاییندا».

[صەحیحە] [رواه ابن ماجه والنسائي وأحمد]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە لە ڕۆژی قوربانی ئەو لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- سەر لەبەیانی ڕۆژی هاویشتنی بەردەکان لە عەقەبە لە حەجیماڵئاواییدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیپێکرد بەوەی بەردی بۆ بهێنێت بۆ هاویشتن، ئەویش حەوت بەردی هێنا، هەردانەیەکیان بەقەد دەنکە نۆکێك یان بوندوقێك دەبوو، -صلى الله عليه وسلم- بەردەکانی لەنێو دەستی دانا پاشان جوڵاندنی، وفەرمووی: لە قەبارەدا با وەکو ئەمانە بێت ئەو بەردانەی دەیهاوێژن. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریانی کردەوە لە زیادەڕەوی وتوندەڕەوی وتێپەڕاندنی سنوورەکان لە بابەتەکانی ئاین، ئەوەی بووە هۆی تیاچوونی ئومەتانی پێشوو بریتی بوو لە تێپەڕاندنی سنوورەکان وزیادەڕەوی وتوندڕەوی لە ئاییندا



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee